# قەیرانە ئابوری و فیکرییە جیهانییەکانی نیولیبرالیزم

نوسینی: دکتۆر سەباح قودوری

و. ئەیوب حەسەن

زاڵبوونی هەیمەنەی ئەمریکا بەسەر هێزە گەردوونییە(سیاسی و ئابوری و سەربازییەکان)دا، دەرەنجامی کاریگەریی پاشەکشەکردنی سیستەمی سیاسی و ئابوریی ڕوسیای سۆڤیەت و وڵاتە هاوپەیمانەکانی بوو لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، لە هەمان کاتدا ئەمریکا هەوڵی تەواوکاریی کۆنترۆڵکردنی بواری ئابوری و سیاسی و سەربازیی دەدا لەسەر ئاستی جیهان، بەپشت بەستن بە پێشنیارەکانی مامۆستا و نوسەر و ئابوریناسی نیولیبراڵیزم (فرانسیس فۆکۆیاما). ئەوە گوزارشتێک بوو بۆ نیشاندانی کۆتایی مێژووی فیکری مارکس و سەرەتای سەردەمێکی نوێ بۆ سیستەمی نیولیبراڵیزم و نیشاندانی سەرکەوتنی ئابوریی بازاڕ و هەیمەنەی ئەمریکا بەسەر کۆی کایەکانی ژیان دا. لە سەرەتای سەرکەوتنی جۆرج بۆشی کوڕ بۆ سەر کورسی سەرۆکایەتیی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ، لەم کاتەدا ئەمریکا پێویستی بە کاراکردنی چالاکییە ئابورییەکان بوو پێش ئەوەی بگات بە قۆناغی سستیی ئابوری، چونکە گەشەسەندنی بێکاری و کەمبونەوەی بەکاربردن لە کۆمەڵگادا دیاردەیەکی بەرچاو بوو، زۆرینەی ئابوریناسەکان پێشبینیی ڕوودانی قۆناغی سستبونی ئابوریی گەورەیان لە ئەمریکادا کردبوو، وەهایان دەبینی کە دەکرێت ئەم پێشبینییە بگوێزرێتەوە بۆ قەیرانێکی کرداری، هۆکارەکەی پەیوەست بوو بە خراپی سیاسەتی (باج)ەوە کە لە بەرژەوەندیی چینی بۆرژوازی دا بوو، هەروەها بوو بە هۆی سەرهەڵدانی کورتهێنانی پارە لای چینی هەژارەکانی کۆمەڵگا، و گواستنەوەی شوێنەکانی کارکردن بۆ دەرەوەی وڵات لەسەر حیسابی کەمکردنەوەی کار لە ئەمریکادا، و نەبونی زانیاری بۆ بەراوردکردن و چاودێریکردنی تێکڕای گەشە و

پێشکەوتنێکی بەردەست لە چالاکییە ئابورییە بەرهەمدارییەکاندا. چوونەناو جەنگی ئەڤغانستان و عێراق بوونە هۆکاری بەرزکردنەوە خەرجیەکانی ئەمریکا بۆ نزیکەی ٥٠ ترلیۆن دۆلار. ئەمەش بووە هۆی دروستکردنی کورتهێنان لە بودجەی گشتیی ئەم وڵاتەدا بە نزیکەی ٧٥٠ ملیار دۆلار. لە لایەکی دیکەشەوە بەرزبوونەوەیەکی مەترسیدار لە کڕین و فرۆشتنی خانوبەرەدا ڕوویدا. هێزی بازاڕی ئەمریکا بەشێوەیەکی کەمتر کاری دەکرد لەو خواستەی کە هەبوو لەسەر خانوبەرە. بەشێوەیەکی پراکسیس ئابوریی ئەمریکا بەپێی یاسای خواست و خستنەڕوو کاری دەکرد وەک بنەمای ئابوریی بازاڕی ئازاد، بەبێ هیچ سنور و هیچ کۆت و بەندێک دوور لە هەر چاودێرییەکی دەوڵەت.

دوای ڕوداوی ١١ی سێپتەمبەر ساڵی ٢٠٠١ ، ئیدارەی ئەوکاتەی ئەمریکا بەسەرکردایەتیی جۆرج بوشی کوڕ و هاوکاری دیک چینی) ڕاوێژکاری لە نیولیبراڵەکان. وەهایان دەبینی کە توانای سەرکردایەتیی جیهانیان هەیە، بە بەڵگەی ئەوەی تاکە جەمسەری جیهانن. هەر لەو ساڵەدا جەنگێکی جیهانییان دژی تیرۆر ڕاگەیاند، لەژێر ناونیشانی "ئەوەی لەگەڵماندا نییە، ئەوە دژمانە". بە شێوەیەکی حەماسی هەوڵی هەناردەکردنی دیموکراسیەتی لیبراڵیان دەدا بۆ کۆمەڵگاکانی جیهانی سێهەم. بە شێوەیەکی خێرا ئەم تومووحەیان بە کارەساتێکی ئابوریی جیهانی کۆتایی هات. دواتر لە ڕووی سیاسییشەوە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بە هەمان شێوە گەیشت بە پەیکەرێکی هاوسەنگی تموحە ئابورییەکەیان ، و داهاتووی سیستەمی سەرمایەداری بە هەمان شێوەی لێدێت و دەرچون لێی سانا نابێت. لەگەڵ هەڵگیرساندن و شکستهێنانی لە جەنگی ئەڤغانستان و داگیرکردنی عێراق دا، بە تەنها تواناکانی لە مەیدانی فەرمانڕەواییکردنی ئابوری و سیاسیی نێودەوڵەتیدا لەدەستنەدا، بەڵکو تەواوی ڕاستگۆیی خۆی لەبەردەم ڕای گشتیی ئەمریکایدا لەدەستدا، ڕەنگدانەوەی نێگەتیڤیشی هەبوو لە سەر مەعنەویەت و باری سایکۆلۆژیی هاوڵاتیان و کۆمەڵگای ئەمریکا.

جیهان لەمڕۆدا چاودێریی پێشکەوتنی قەیرانی ئابوری و دارایی ئەمریکا دەکات کە لە (پایتەختی دڵی پارە)، نیۆرکەوە، سەریهەڵدا. ئەمەش بوو بە هۆی فراوانبونی سستبوونی بازاڕی خانوبەرە و هەرەسهێنانی لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٧ دا، دواتر بووبەهۆی کورتهێنان لە دانەوەی قەرزدا لای ملیۆنان هاوڵاتیی قەرزار کە ئەو پارەیان دەستی کەوتبوو بە گەرەنتی لە کۆمپانیاکانی خانوبەرە. دواتر ئەم بارودۆخە بووە هۆکاری پاشەکشەکردنی پشکی کۆمپانیاکانی خانوبەرە لە بۆرسە جیهانییەکاندا. ئەو شۆکە داراییە گەورەی لێکەوتەوە. ئەم بارە بەخێرایی گواسترایەوە بۆ ئەو کۆمپانیا قەرزدەرانەی کە قەرزیاندابوو بە کۆمپانیاکانی خانوبەرە و هەندێکیان توشی مایەپوچبون هاتن ، هەروەها کاریگەریی هەبوو لەسەر پشکی بانکەکان کە پەیوەست بوو بەم کۆمپانیایانەوە. قەیرانەکە لە کەرتی خانوبەرەوە گواسترایەوە بۆ کەرتی دارایی و بانکەکان، پاشان گواسترایەوە بۆ کەرتە ئابورییەکانی دیکەی ئەمریکا، بەخێرایی ئەم کارەساتە گەیشتە وڵاتە ئەوروپییەکان و بەشێکی گەورەی جیهان. بە پلەی یەکەم کاریگەریی لە سەر ئابوریی ئەورووپا هەبوو کە بەشێوەیەکی قووڵ پەیوەستبوون بە ئابوریی ئەمریکاوە لە ڕووی قەبارەی مامەڵە و کۆمپانیاکانەوە، بەتایبەتی بەریتانیا و ئەڵمانیا و فەرەنسا و ئایسەلەندا ، چین و یابان لە کیشوەری ئاسیا. هەروەها ئەم بارودۆخە تراژیدییە ڕەنگدانەوەی هەبوو لەسەر وڵاتە هەژار و تازەپێشکەوەکان، بە هۆی بەرزبوونەوەیەکی

گەورە و خێرا لە نرخی خۆراک و سوتەمەنی و دەرمانی پزیشکی، پاشان خەرجییە کۆمەڵایەتییەکانش بە شێوەیەکی بەرچاو کەمیکرد. قەیرانەکە بوو بەهۆی دابەزینێکی لە ڕادەبەدەر لە ئاستی خەرجی بەکاربردندا، دواتر کەمبوونەوەیەکی زۆر لە پارەی نەخت لای کۆمپانیا و بانکەکانی دڵنیایی و کۆمپانیاکانی خانوبەرە و دامەزراوە داراییەکانی تر و بەرزبوونەوەی بێکاری لە ئاستی جیهاندا، و دابەزینی بەهای ئاڵوویری دۆلار بەرامبەر دراوە جیهانییەکان، لە گەڵ دابەزینی نرخی نەوت کە پەیوەستە بە دۆلارەوە، هەروەها نەمانی سەقامگیری لە مامەڵەکانی بازاڕی پشک و کاغەزە داراییەکاندا.

یان بە مانایەکی تر ڕوودانی ئاژاوە لە یاسا ئابورییەکان دا ، بەهۆی بارودۆخی (قۆناغی سستی ئابوری ماوەدرێژ)دا کە لە بەرژەوەندیی ئەم قەیرانە بوو. ئەو ئەرگۆمێنتە ئابورییە ( واز لە ئابوری بهێنن با تەنها بە میکانیزمی خۆی کاربکات بەپێی یاسای خواست و خستنەڕوو لە سێبەری بازاڕی ئازاددا) کە بانگەشەی ئابوریناسە سەرمایەدارەکان بوو وەک (میلتۆن فریدمان ، ئادەم سمیث ، سای) لە حاڵەتی واقیعیدا شکستی هێنا. نەک تەنها بەهۆی ئەم قەیرانەوە بەڵکو بەدرێژایی مێژوو و قەیرانەکانی تر کە تووشی سیستەمی سەرمایەداری هاتون، قەیرانی ساڵی ١٩٢٩ کە تا ساڵی ١٩٣٣ی خایاند ئەم قەیرانە ڕابەرایەتیی جیهانی کرد بۆ جەنگێکی یونیڤێرساڵی، دواتر قەیرانی بەرازیل و ئەرجەنتین لە ئەمریکای لاتین لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، لەگەڵ قەیرانی ئابوریی پڵنگەکانی ئاسیا لە کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا. هەر ئەم بابەتە بوو کە ئابوریناسی گەورەی ئینگلیز(کینز)ی ناچار کرد کە دان بە زەروورەتی دەستێوەردانی دەوڵەت لە کاروبارە ئابورییەکاندا بنێت و بیکات بە ئەرکی دەوڵەت بۆ ڕووبەڕووبونەوەی قەیرانە ئابورییەکان، یان بۆ وەستاندنی ئەو ئاژاوەیەی دەرئەنجامی هەڵەتێگەشتن و بەکارهێنانی لیبراڵیزمی ئابورییە. هەر بۆ هەمان مەبەست ئابوریناسی بەناوبانگی ئەمریکی (پۆل کروگمان) هەڵگری خەڵاتی نۆبڵی ئابوری و مامۆستا لە زانکۆی برتستۆن، ناسراوە بە (تیۆری هاوسەنگیی خودکاری لە بارزگانی نێودەوڵەتی دا) کە پشتی بەستووە بە پێشنیاری لیبراڵیزمی کلاسیک و کاریگەرییەکانی کێبڕکێی ناڕێکخراو لەسەر پەیوەندییە ئابورییە نێودەوڵەتیەکان، ڕەخنە لە سیاسەتە ئابورییەکانی جۆرج بۆش بگرێت، لە ساڵی ٢٠٠٥ دا وتارێکی ئاگادارکردنەوەی نوسی بە ناونیشانی " ئەمریکییەکان بازرگانی خانوبەرە دەکەن، بۆ دانەوەی قەرزەکانیان بە چین".

هۆکاری قەیرانی دارایی، هەر سیستەمی سەرمایەداری خۆیەتی. وازهێنان لە بازاڕ بۆ ئەوەی بە میکانیزمی خۆی کاربکات بەبێ هیچ چاودێرییەک و بەبێ سنور و هیچ کۆتوبەندێک. هەروەک ئەوە ڕوودەدات لە کەرتی خانوبەرەدا ڕوویدا و بەتەنها دیاردەیەک نییە لە کڕین و فرۆشتنی قەرزدا یان (قەرزی خانوبەرە) لەنێوان کڕیاران و کۆمپانیاکانی ڕەهنی خانوبەرە و بانک و کۆمپانیاکانی دڵنیایی و دامەزراوە داراییەکانی تردا ڕوویدات، هەروەک ئەو بارودۆخەی بەنیسبەت قەرزەوە لە کەرتە ئابورییەکانی تردا هەیە. وەک ئەنجامدانی قەرزی لەڕادەبەدەر و پشتگوێخستنی ئسولاتی قەرز و قەرزکردن و درێژەکێشانی لە نێوان قەرزکەران و دامەزراوە داراییەکاندا، دوور لە هەر چاودێرییەک و بەرپرسیاریەتیەکی کەسی بۆ ئەم قەرزانە و دڵنیایی گەڕانەوەی قەرزەکە، و توانای پێدانەوەی بەهای قەرزەکە لە ماوەیەکی دیاریکراودا. لێرەدا وتەیەکی بەناوبانگی ئەمریکی هەیە کە دەڵێت "ئەگەر بڕی سەد دۆلارت لە بانکێک قەرز کرد و نەتتوانی

بیگەڕێنیتەوە ئەوە گرفتەکە تۆیت، بەڵام ئەگەر بڕی سەد ملیۆن دۆلارت قەرز کرد و نەتتوانی بیگەڕێنیتەوە ئەوە گرفتی بانکەکەیە". بوونی سیاسەتێکی ماقووڵ بۆ دراو لە هەر وڵاتێکدا پێداویستییەکی زەرووریبە. بانکی ناوەندی بە پلەی یەکەم بەرپرسە لەم سیاسەتانە، ئەویش بەو تایبەتمەندییەی کە (بانکی بانکەکانە) بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی داراییدا. هەندێک سیاسەتی تریش دەکەوێتە ئەستۆی بانکی ناوەندی، وەک دیاریکردنی بەهای دراو، ئەو بڕە پارەی کە پێشنیاری دەکات بۆ مامەڵەی ئابوری، و دیاریکردنی نرخی سوو لە بانک دا، کە پێودانگێکە دەتوانێت ئەدای وەبەرهێنانی تێدا بپێورێت، و بڕی یەدەکی دراو لای بانکی مەرکەزی و بانکەکانی تر و نرخی ئاڵوویری دراو بەرامبەر دراوەکانی تریش. هەندێک سیاسەتی تریش ئەرکی بانکی ناوەندییە بە ئامانجی جێگیرکردنی نرخی ئاڵوویری دراو لە داهاتوویەکی دووردا، هەروەها چاودێریکردنی دیاردەی هەڵئاوسانی ئابوری و کاریگەرییەکانی لەسەر هێزی کڕینی دراو.

ئەوەی دەگوزورێ لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بەتایبەتی ئەم سیاسەتانەی بەهۆی دەرچوونی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٧١ لە جێبەجێکردنی سیستەمی " بریتۆن وودز "، کە سیاسەتی چاودێریکردنی سەرمایە و دراوی پەیرەو دەکرد. بەپێی ئەم سیستەمە تاڕادەیەک ڕێگادەدرێت بە دەوڵەت بۆ جولاندنی سەرمایە. دراو لەم سیستەمەدا پەیوەستە بە بنەمای ئاڵتونەوە ، و نەوبونی ئازادی بۆ چاپکردنی دراوی نەختینەیی بەبێ داپۆشین(غطاء)ی بەرهەمی ڕاستەقینە. دابەزینی نرخی سوو بەشێوەیەکی بەرچاو و لێشاوی قەرز بەبێ هیچ وردبینییەک بۆ دڵنیابوون لە گەڕانەوەی قەرزەکە، ئەمانە هەمووی لە پێناو هاندانی بەکاربردندان. پارە زیادەکان لە کەرتی داراییدا کەڵەکەدەبێت، و پاشان دەبێتە هۆی ڕوودانی ئاوسانی " بڵقە داراییەکان" کە لەناکاودا دەتەقێت، هەروەک ئەو قەیرانەی کە لە بازاڕی زانیاریی کۆمپانیا ئەمریکیەکاندا لە بواری پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی ئەنتەرنێت کاردەکەن لە ساڵی ٢٠٠١ دا ڕوویدا و لەئەنجامدا تووشی دارمان هات. لەم کاتەدا دەستێوەردانی دەوڵەت بەشێوەیەکی ماقوڵ دەبێتە ئەرکێکی ناچاری بۆ ڕێکخستنی کاروبارە ئابورییەکان و پارێزگاریکردنی یاساکانی وڵات و پەیداکردنی دڵنیایی لە ڕەهنی خانوبەرەدا، بۆ باشترکردن و ڕێکخستنەوەی قەرزەکان، داخستنی خەرجییە قومارییەکان کە هۆکاری ئەم پشێویە داراییەن ، و ڕێکخستنی دامەزراوەکان لە ڕێگەی ئیدارەیەکی پسپۆڕ بۆ بەرزکرنەوەی تواناکانی کرێکاران لە کارەکانیان و ڕێکخستنیان و دوورخستنەوەی وڵات لە گەندەڵی و بەتایبەتییش لە سپیکردنەوەی پارەدا. ئەمانەش بەکورتی بریتییە لە دڵنیایی بۆ پاراستنی ئابوریی نیشتیمانی لە قەیرانەکان و دوورخستنەوەی لەو ئاژاوانەی کە پەیدادەبێت.

هێشتا سیستەمی دارایی لە ڕووبەڕووبونەوەی کەلێنە مەترسیدارەکاندایە، دەتوانێت بەشێوەیەکی سەرەتایی چارەسەری ئەم قەیرانە بکات بە بڕی ٧٠٠ ملیار دۆلار لەڕێگەی فرۆشتنی قەرزەکانەوە کە کۆنگرێسیش ڕەزامەندە لەسەری، بڕێک لەم کۆکردنەوەی پارە دەکەوێتە سەر گیرفانی هاوڵاتیان وەک باج؛ بەشێکی تری لەڕێگەی چاپکردنی پارەی کاعەزەوە پەیدادەکرێت. بێگومان ئەم بارە لە داهاتوویەکی دووردا دەبێتە هۆی دەرکەوتنی دیاردەی هەڵئاوسانی نەختینەیی و دابەزینی بەردەوامی بەهای دۆلار. بەتایبەتی لە بازاڕی پشکەکاندا، قەیرانەکان بەبێدەنگی کاریگەری لەسەر باری کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژیی هاوڵاتیان

جێدەهێڵێت کە هیچی کەمتر نییە لە زیانە داراییەکان. هاوڵاتیانی کەمدەرامەت خەریکی خۆقەرزارکردنن، بۆ باشترکردنی گوزەرانیان قەرز دەکەن، بە مانایەکی تر خەریکی سەرکێشی کردنن بە داهاتە کەمەکانیانەوە، پاشان بەرەو مایەپوچبوون دەچن و دەبن بە بەشێک لە سوپای بێکاری، بە بێ ئەوەی دەستێکی هاوکاری هەبێت بۆیان.

لە رووبەکی ترەوە، بێگومان ئەوە ئاشکرایە کە قەیرانی دارایی جیهان ڕەنگدانەوەی لەسەر عێراق هەیە، بەهۆی هەبوونی پەیوەستیی سەربازی و سیاسی و ئابوری لەنێوان ئەم دوو وڵاتەدا. ئەمە ژەهری کۆتاییە بۆ وڵاتێکی داگیرکراوی وەک عێراق. دەتوانین پاشماوەکانی لەم چەند خاڵەدا کورتبکەینەوە(بەبێ باسکردنی بە شێوازێکی دور و درێژ):

١- دابەزینی داهاتەکانی عێراق لە کەرتی نەوت دا، بەهۆی ئەو پاشەکشە گەورەیە لە نرخی نەوتدا روویداوە، و دابەزینی بەهای دۆلاری ئەمریکی کە دیناری عێراقیی پێ پێوانەدەکرێت. هەروەها ناسەقامگیریی دیناری عێراقی، دواتر توانای کۆنترۆڵکردنی دیاردەی هەڵئاوسان ناکرێت، کە هێشتا لە ئاستێکی بەرزدایە.

٢- بەردەوامیی فشارەکانی ئیدارەی ئەمریکا لەسەر حکومەتی عێراق بە پێدانی بەشێکی زۆر لە خەرجی سوپای داگیرکاری ئەمریکا لە عێراق.

٣- دەستگرتن بەسەر ئەو برە پارەیەی عێراق کە لە بانکەکانی ئەمریکادا دانراوە بە دەیەها ملیار دۆلار مەزەندەدەکرێت، هەروەها بەکارهێنانی وەک کارتی فشار بۆ ناچارکردنی عێراق بە قبوڵکردنی ڕێکەوتننامەی ئاسایشی نیوان ئەمریکا – عێراق کە لە ڕێکەوتنەکەدا پلانی بۆ داڕێژرابوو.

٤- هێشتا هەندێک ڕێگری هەن بۆ پووچەڵکردنەوەی قەرزەکانی سەرشانی عێراق بەهۆی جەنگە نابەجێکانی سەردەمی حوکمڕانی پێشوی عێراقەوە.

٥- بەردەوامیی گەندەڵیی ئیداری و دارایی، و نەبونی هیچ ڕێوشوێنێکی توند بۆ دانانی سنورێک بۆ گەندەڵی.

٦- بەرزبونەوەی ڕێژەی بێکاری بەهۆی دابەزینی بەرنامەی وەبەرهێنان، دەرئەنجامی کەمکردنەوەی قەبارەی وەبەرهێان لە بودجەی گشتی دا، بودجەی گشتی بۆ ساڵی ٢٠٠٩ بە بڕی ٨٠ ملیار دۆلار بۆ ٦٧ ملیار دۆلار دیاریکرابوو، بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە نرخی نەوتدا روویدا بەپێی هەڵسەنگاندنی بۆ گۆڕانکاری لە نرخی نەوتدا لە ٨٠ دۆلارە وە بۆ ٦٢ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک.

٧- گەورەبونی گرفتەکانی گوزەران بەتایبەتی بۆ چینی ڕەنجدەر و هەژارەکان و چینی ناوەڕاست و موچەخۆران، کە خۆی لە خراپی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی ، تەندروستی و پەروەردە و کارەبا و سوتەمەنی و خۆراک و دەرمانی پزیشکی و ژێرخانی ئابوریدا دەبینێتەوە.

٨- مانەوەی ئابوریی عێراق بۆ ماوەیەکی درێژ لەژێر رەحمەتی دامەزراوە داراییە جیهانیەکاندا، وەک سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی بازرگانیی نێودەوڵەتی. سەپاندنی مەرجەکانیان بۆ دیاریکردنی ئاراستەی پێشکەوتنی پەیکەری ئابوریی عێراق، بەهۆی پشتبەستنی تەواوی بە ئابوریی بازاڕ(ی ئازاد)، و کەمکردنەوەی خەرجییە کۆمەڵایەتییەکان و لابردنی

بەربەستە گومرگییەکان بۆ بازرگانی، ئابوریی عێراق بەتەواوی بەرەو شێوازی بەکاربردن ڕۆیشت لەبری ئەوەی ئابوریی بەرهەمداری بێت .

٩- بێگومان ئەم بارودۆخە هاوکاردەبێت بۆ درووستکردنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ درێژەدان بە تەمەنی داگیرکاریی عێراق.

بەکورتی دەتوانین بڵێین، سەرمایەداری وەک سیستەمێکی ئابوری و کۆمەڵایەتی بەدرێژایی مێژوو بە چەند دەورێکی جیاوازدا تێپەڕیوە، توانیویەتی خۆی بگونجێنێت و چارەسەری گرفتەکانی بکات، بەڵام ئەمڕۆ هەندێک لێکدژیی بنەڕەتی لەناو خودی سیستەمەکەدا دەبینرێت کە زیاتر قووڵدەبێتەوە و بەرەو خراپتر دەچێت. بێگومان لە چرکەیەکدا هەر دەتەقێتەوە و سیستەمێکی نوێی ئابوری و کومەڵایەتیی نوێ جێی دەگرێتەوە. ڕێگا بەرەو جیهانگیریی سەرمایەداری، سەرمایەداری وەک سیستەمێکی ئابوربی کۆمەڵایەتی بەسەرکردایەتیی ئەمریکا هیچی بۆ مرۆڤایەتی نەهێنا جگە لە هەژاری و دواکەوتوویی. بەتایبەتی بۆ چینە هەژارەکان و چینی کرێکار و چینی ناوەند، وێرانکاری و تراژیدیا و کارەساتی ژینگەیی و داهێنانی بازرگانیی مادەی هۆشبەر و تاوانی ڕێکخراو سیمای ئەم سیستەمەیە. ڕەنگە سبەی تەواوی گۆی زەوی بکەوێتە بەر هەڕەشەی لە ناوچوون. پێشکەوتنی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان و کەڵەکەکردنیان دەبێتە هۆی بەدیهێنانی گۆڕانی جۆری لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان دا، هەروەک ئەوەی کە پۆلێنکراوە لە بارودۆخی چینەکانی کۆمەڵگادا، ئەمە بەئاشکرا بەشداریدەکات لە توندبوونەوەی ململانێی چینایەتی لە نێوان چینی بۆرژوازیی لیبراڵی و چینە زیانمەندەکاندا. سەرکەوتنی چینی دووەم حەتمیەتێکی مێژووییە، لەبری جیهانگیریی سیستەمی سەرمایەداریی دڕندە، سیستەمێکی نوێ دێت کە جیهانگیریی مرۆیی و کۆمەڵایەتی و دادپەروەری، لەڕێگەی کۆنترۆڵکردنی بەرهەم و دادپەروەری لە دابەشکردنی پێداویستییەکاندا، بەپێی بارودۆخە مرۆییەکان، بۆ مرڤایەتی دەهێنێت پاشان ڕێگای مرۆیی ڕاستدەکرێتەوە و ڕابەرایەتیی جیهان دەکات بەرەو کەناری ئارامی و سەقامگیری، دادپەروەری و پێشکەوتنی تێیدا پەیدادەبێت. ئەم سیستەمە نوێیە توانای هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەزارەی سێیەم و سەردەمی شۆڕشی تەکنۆلۆژیای زانیاریدا.

**سەرچاوە:**

http://www.averroesuniversity.org/au/index.php?option=com_content&view=article&id=101%3Aartsabahqadduri&catid=43%3A2008-10-19-17-17-34&Itemid=39